کارەبای هەرەم پەشوازیی لە چالاکیی کاتژمێری زێوی دەکات



وەزارەتی کارەبای هەرەم رایدەگەیەنێت، پەشوازیی لە چالاکیی کاتژمێری زێوی دەکات

وەزارەتی کارەبای هەرەم رایدەگەیەنێت، دەستی پاراستن و چاککردنی ژینگە رایگەیاندووە لە کۆتا شەممەی مانگی ئادار، چالاکیی کاتژمێری زێوی، وەک چالاکییەکی جیهانی لە هەرەمی کوردستانیش بەرز رادەگیرێت و چالاکییەکە بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی خەڵک و پاراستنی ژینگەیە و ساڵانە لە زیاتر لە 100 وڵاتی جیهان بەڕێوەدەچێت.

لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە، وەزارەتی کارەبا بە پەداگیری لەسەر ئەرک و پلانی خۆی بە دابینکردنی کارەبای 24 کاتژمێری لە چوارچێوەی پرۆژەی رووناکی، ئەم چالاکییەی ژینگەپارێزان گرنگ دەنرخێنێت و هیوادارە ئەم جۆرە چالاکییانە ببنە هاندەر و هۆکار بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هەموومان بە بەکارهێنانی کارەبا بە شێوەیەکی تەندروست و ئابوریانە، بە ئەوەی بتوانین لە ئایندەیەکی نزیکدا کارەبای 24 کاتژمێری بە هەموو ناوچەکانی کوردستان دابینبکەین.